رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-9-2007 14:57

# ویسکی و پژاک بەتلیاک و انسارویئسلام ... ئەنوەر حسێن

A_bazgr@yahoo. com

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ"ماڵی قەڵب سەری ساحێبی، ئەم پەندە شموی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و قاعیدەو ئیسلامیەکان... دەکات. _ جاران ئەمەریکا لەدژی سیستمی سۆڤیەتی و وڵاتانی کۆمۆنیستی، هاوکاری ئیسلامیەکان و تاڵیبان و قاعیدەی دەکرد قەڵەوی دەکردن. تاسەرئەنجام. لێی بوونە خولەپیزەو ئێستاش لە کۆڵی نابنەوە.



_ سواڵکەرێك لە چایخانەی شەعب. سواڵی دەکرد. ژنێکی بەتەمەن (500) دینارم داپێی. کەچی لەولاوە هونەرمەندێك. وتی" مەیدەرێ. بەخواپی ی حەرامە، بەخوا چەند ساڵە خەریکی هونەرم و خزمەتی گەلی کورد دەکەم، کەچی ئێستا کرێچی، ئەم پێریژنە سواڵکەرەم لەو خانووە خراپەدا. مانگی (300) هەزار دینارم لێ دەستێنێت.

سواڵکەرەکە سەیرێکی هونەرمەندەکەی کردو وتی دەتوانی چۆڵی بکەی... !

_ برادەرێك وتی. بەبەرپرسێکی ئێرانیم وت باشە ئێمە دۆست و دراوسێ نین! وتی! بەڵێ وایە. وتم!ئەی بۆچی دەڵێن ئێوە (تلیاك و انسارولسلام) مان لە سنوورەوە بۆ دەنێرن. بەرپرسە ئێرانییەکە. وتی باشە منیش لە تۆو لەحکومەتی هەرێم دەپرسم.

ئەی ئێمە دۆست و دراوسێ نین، وتم بەڵێ وایە، ئەی بۆچی دەڵێن ئێوە (ویسکی و پژاك) مان لەسنوورەوە بۆ دەنێرن، وتم یعنی چی... ؟

وتی یەکەم، یەعنی ماڵی قەڵب سەربەساحیبَتی

دووم. یەعنی ( (ویسکی و پژاك) ) بە ( (تلیاك و انسار ئسیلام... !) )

_ هاورێیەکم وتی لە بەرپرسێکی سلێمانیم پرسی ئەرێ ئەوە چییە ئەوحزبە. کارتۆنیەتان لەهەولێر دروستکردوە... ؟

وتی؟ لەو حزبەی ئێمە کارتۆنی ترو قەڵبتر ئەوحزبەیە کەئێوە لەسلێمانی دروستانکردووە کەی ئێوە ئەم قەڵبەی ئێرەتان لابرد، ئەوا ئەو قەڵبەی هەولێرمان بۆبنێرنەوە.

بەکوردی و بەکورتی. ماڵی قەڵب سەربەساحێبیەتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.